کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 0:14 2007-8-31

**عێراق و تیرۆر کامیان کۆتایی بەیەکتر دێنن؟ ... کارزان سەلام**

لەدوای ساڵی 2003 وە هاتنی هێزی هاوپەیمانی بەرەو عێراق و پاکتاو کردن و کۆتایی پێهێنانی ڕژێمی پێشوی عێراق بیرو بۆچونی عێراقیەکان ئاراستەیەکی پێچەوانەی وەرگرت چونکە شێوازی حوکمی ڕژێمی پێشوو وای کردبوو کە خەڵکی بە هەموو ئەڵتەرناتیڤێك قایل ببن، بانگەشەی هێزی هاوپەیمانی بەناوی (پرۆسەی ئازادی عێراق) هیوایەکی بێ سنوری بە خەڵکی عێراق بە خشی، هەر لە هەنگاو هەڵهێنانی هێزەکەو دواتر ڕووکردنە خاکی عێراق، کە سەرەتای کاریان بە دانانی حاکمی مەدەنی عێراق (پۆڵ بریمر) سەرەتای کاری بە دەست کاری کردن و گۆڕینی زۆرێك لەو یاسایانەی کە خەڵکی عێراق بە دەستیانەوە گیرۆدە بوو، هەر تاکێکی عێراقی کە ئەم کارەی ئەبینی و شارەزایی لە بواری یاسادا هەبوو زۆر ئومێەکانی ڕووی لە زیادی دەکرد، پاشتر گۆڕینی دراوی عێراقی بە دراوێکی نوێ کە بە (دراوی بریمر) ناسرا، ئەمانەو چەندین کاری تر وە ك سەرەتای هاتنە ناو عێراق ئومێد بە خش بوون.

بە لام بە تێپەڕ بوونی کات و بەر چاو ڕوونی و ئاشنایی خەڵکی لە شێوازی کاری هاوپەیمانی هەرزوو بویە نیشانەی پرسیار، بانگەشەی هاوپەیمانەکان بەناوی (پرۆسەی ئازادی) ئازادی لە بەرچاو خەڵك خست، پرۆسەیەك کە عێراقی کردە زۆنگاوێك کە هەرگیز ووشك ناکات سەرهەڵدانی کاری تیرۆرستی بویە پارچەیەکی گەورەی ئەو زۆنگاوە و خەڵکی عێراقی تێدا نقوم بوو وە ئەم کارەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە شێوازی چاوەڕوان نەکراو لە پەرەسەندندایە، هەر ڕۆژێك لە چەندین ناوچەو هەر جارەی بە شێوازێك تیرۆرستان خۆیان نمایش دەکەن، مێژووی تیرۆر زۆر لە مێژووی عێراق کۆنترە بە لام ڕەنگە هیچ دەوڵەتێك بەماوەی چوار ساڵ بگرە زیاتریش ئەوەندەی عێراق قوربانی نەدابێت.

لە سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤایەتی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆش کێشەو ناکۆکی و ململانێ هەبووەو هەیە بەڵام لە گەڵیشیدا چارەسەر ی بەدوای خۆیدا هێناوە، بەڵام ئەو دۆخەی کە ئێستا عێراقی تێکەوتوە ئایا کێشەیە یان ناکۆکی یە یان ململانێ یان هەر ناوێکی تر هیچ نەتەوەیەك یان مەزهەبێك لە عێراقدا بێ بەش نەبووە لە قوربانی دان و گوزەری بەسەردا نەکردووە، کەواتە هەر کێشەیەك کە سەرهەڵبدات بێگومان چارەسەرێکی هەیە بەڵام گرنگ دۆزینەوە ی ڕێگا چارەکەیە، گەر هەر کێشەیە ك کە ڕوبدات گەر لە بازنەیەکی بچوك واتە لەنێوان چەند کەسێکدا یان لە سەر ئاستی نێو دەوڵەتی بۆ کۆتایی پێهێنانی سەرەتا پێویستی بە لێکۆڵینەوە لە هۆکارەکانی سەرهەڵدانی کێشەکە هەیە، دواتر هەنگاو نان بەرەو دانوستاندن و گوێ گرتن لە لایەنی بەرامبەر و داواکاریەکانیان، بەڵام داخوا کەسێك لە ئاستی دەسەڵات و بەرپرسیارێتی هەرگیز بیری لەوە کردبێتەوە کە تیرۆر کێشەیەکی چارەسەرداره، یان ئەورێگەیانەی کەبۆ چارەسەری تیرۆر گیراونەتە بەر بۆ کەم کردنەوەی کاری تیرۆرستی هۆکار نەبون بۆزیاد بوونی؟ئەگەر کاری تیرۆرستی بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە درێژە بکێشێت و ڕۆژ بەڕۆژ پانتایی تیرۆر ڕوو لە زیادی بکات وەك دەیبینین بەرەو کۆتایی پێهێنانی خەڵکی عێراق ما ن ناگرێتەبەر؟

ئەمەش سروشتی هەر کێشەیەکە کە بەبێ چارەسەر بمێنێتەوە بۆ کۆتایی پێهێنانی دەبێت یەکێك لە لایەنەکانی کێشەکە لە ناو بچێت..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.